کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-5-2007 0:51بەکاتی ناوەندی ئەوروپا



# یادێک لە دوعا

نووسینی حەسەن حاتەمی

کات ژمێر لە 3ی دوانیوەڕۆ تێپەری بوو. شەقامەکان و دەروو و بەریان لە گەرمان دەهاژان. دووره دیمەنی شەقامی پێش خۆم، وەک کوورەی نێل دراوی زستانان تیناوی بوو. ترافیک لایتی پێشم سوور بوو. لە پێش هێلی سپی هاتوو چۆی خەڵک راوستام. کچ و کورێکی لاوی نزیک 20 ساڵە، قۆڵیان لە قۆڵی رووتی یەکتر کرد بوو؛ بە ئارامی لە بەردەم ماشێنەکان تێپەرین.

بە بینینی ئەو لاوانە،کە بۆ نێو پارکێک خوشین، وەبیر دوعا-ی جوانە مەرگ کەوتمەوە. سەد جار زیاتر نەفرت و بیزاریم لەو کردەوە نامرۆڤانە دەربڕی کە بە ناو داب و نەریتی نادروست، رەش و نگریس،دوعا و ئاوات و ئارەزوەکانی ئینسانی ئەویان، بە رۆژی رووناک لە گوڕ ناو و دوعایان بە مەزلوومی و بێ دەرەتانی شەڵالی خوێن کرد.

لەبەر خۆمەوە کوتم: دەبێ مێشکی مرۆڤەکان چەندەیان جیاوازی هەبێ. کە لێرە ئەو دوو لاوە، لە وانەیە لە مێژ نەبێ یەکتربناسن؛ ئێستا دڵ و جەستەیان لە گەڵ یەکە و کەسیش کاری پێیان نی یە. بەڵام لە وڵاتی ئێمە،دوعا و دۆست کوڕکەی کە خەڵکی یەک گوندین، یەکتریشیان دەناسی. ئەوان بۆ قسەکردن، دەردی دڵ و خۆشەویستی و عاشق بوونیان بە یەکتر و بە ژیان، چوو بوونە نێو باغێکی ئاوایەکەیان. کە خەڵک نەیانبینن. ئەو دوو دڵداره کاریان بە داب و نەریتی کۆن و پڕ لە هەڵەی باب و باپیرانیان نەبوو، تەنیا خۆشەویستیان بۆ گرینگ بوو، سەد مخابن میشکەکانی کۆمەڵگای زۆربەی دانیشتوانی"بەعشیقە" و... پڕە لە بێروباوەری سەدەی ناوەندی ژیانی بەشەری.

بیری دوعا و جوانەمەرگ کرانی خۆی و ئاواتەکانی بۆ کورت ماوە سەرنجی بەرەو چەمکی دێمۆکراسی بردم؛ کە دێمۆکراسی لە بواری کۆمەڵایەتی، یەکێک لە بەرچاوترین و گرینگترین بەشە؛ کە بەردەوام رۆژانە و شەوانە لە گەڵ هەموو مرۆڤەکانە. بۆیە بۆ جێگیرکردنی دێمۆکراسی، هەم یاسادانان پێویستە و هەم رەچاو کردنی رەوشە ئینسانی یەکان کە لە دنیای پێشکەوتوو دا باون.

ئەو دێمۆکراسیێ یە و مافی تاکەکان کە لە رادەیەکی زۆر لە کانادا و وڵاتەکانی هاو شێوەی دەپارێزیرین. رەوتێکی دوور و درێژئ پێواوە. لەو ماراتۆنی زمانە دا جوراد نۆ برۆنۆکان سوتێندران، کۆپرنیکەکان لە نێو براون. گالیەکان قورقوشمیان لە گەروو کراوە، هەزاران ژن و کچ گیانیان لێ ئەستێندراوە و...

لە کوردستاندا کە پرۆسەی ئاڵ و گۆڕەکان لە سەرتا دان. پێشکەوتووکانی ئێستا، رۆر خێراترە لە جارانن. چونکە لە شۆڕشی پێوەندیەکان یان بەقەولی تافلێڕ و خێزانەکەی " شەپۆلی سێهەم" زانیاری و پێوەندی زۆر خیرا و بە کەڵکی وەبەرهەم

هیناوە. بۆیە زۆر گرینگە کە بەرپرسانی دێمۆکراسی تازە چەکەرە کردووی کوردستان، پێویستە بە شێلگیری پتر و بەپەلە،رێگای فێرکردن و فەرهەنگی یەوە، لە کۆمەڵگای کوردەواری، کاری زیاتر بکەن. ئاگا کردن و راهێنانی فەرهەنگی مۆدێڕن، وەک ئاو، هەوا، کارەبا و پیداویستیەکانی ژیان، پیویستە بۆ هەموو ساتەکانی ژیان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گیان لێ ئەستاندنی دوعا، نەیەکەم کەس دەبێ و نەدواین کەس. جگە لەوەش زۆرن ئەو کچ و ژنانەی لە بەر گیرو گرفتی بنەماڵەیی و داب و نەریتی نادروستی کۆمەڵەکەمان؛ خۆ دەسوتیین و بەدەستی خۆیان بە ناخۆشترین شێوە، ماڵئاوایی لە ژیان دەکەن. ئەو ڕووداوە ناخۆش و دڵتەزێنانە،بەرهەمی گیروگرفتە کۆمەڵایە تیەکانە لە نێوان کۆن و نوێ دا. ئۆگرانی ژیانی ئازاد و دڵخوازانە، مەودوایەکی دوور و درێژ و پڕ کەندوکۆسپیان لە پێشە.
هەروەها ئەو دیوی ڕووداوەکە، کە بوونە هۆی کارەساتی بێ بەزێیانەی بە سەرهاتی دوعا؛ توندرەوەکان لە سەر بەناو داب و نەریتی هەڵە و پڕ لە شوورەیین کە بەشێک لە بیرۆکەی کۆمەڵگای ئایینەکەمانن. ئەوانە ڕوونکردنەوەی لیزانانە و هەڵویستی جیدیان گەرەکە. ئەو کەسانە پێویستە وەک قوربانیەکانی پارێزەری نگبەتی،ڕش بینی، دمارگرژی و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی چاویان لێ بکرێ.
لە بەر گیروگرفتی زۆر،لە کاتی قەومانی کارەساتی کوشتنی دوعا، بۆم نەکرا چەند
دێرێک بنووسم؛ بە دوای لیبوردن دا، دەڵێم: دوعا گیان! تۆ بووی بە قوربانی، بۆ ئەوەی وێژدانەکان بەهاژێنی. داب و نەریتە نادروستەکان بزرێنی. پەیکەری خۆشەویستی بنخشێنی. تۆ سوور خەلاتی ڕئالی؛ خود فیدا کرد بە ئالی. تۆ پێشمەرگە و ڕەچەشکێنی لە نێو بردنی بیروڕایی کۆن و بێ مایەی. دڵۆپەکانی خوێنی سوور و گەش و بە مەزلوومی ڕژاوت؛ دەبێتە هەزاران خونچە گوڵی خۆشەویستی؛ کە لە بەرۆکی وفادار بە عیشق و ئازادی دەدرێ.

لەندەن- ئۆنتاریوی کانادا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.